کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلکترۆنی ڕۆژانەی کشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
25-12-2006 11:30 بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

# چی لە دەوری سندوقی – پڕ لە ئاگری ئێراق هەیە! ... وەرگێڕان/ هیوا بەکر

بیڵ مارش 24 ی دیسەمبەری 2006
(International Herald Tribune)

ئەگەر ئێراق بە تەواوی نوقمی شەڕی ناوخۆ ببێت، ڕەنگە ئەو کات دراوسێکانی بکەونە ناو "کڵپەی ئاگرێکی ناوچەیی" هەروەك، ڕۆبەرت گەیتس، وەزیری تازەی بەرگری ختسیە بەردەم ئەنجومەنی پیران. ئایا ئەمە مانای ئەوەیە کە ئەوکات سوپای ئەو وڵاتانە پێکدا دەدەن؟ پێناچێت بەم زوانە ئەوە ڕووبدات، شارەزایان وای بۆدەچن.

بەڵام پاش چەند ساڵێکی تر لە هەڵکشانی ناکۆکیە تایەفیەکان کە لە ئێراقەوە چەق دەبەستێت و پەل بۆ ئەودیو سنورەکانی بکێشێت، ڕەنگە ئەوکات شەڕێکی فراوانتر بقەومێت.

لەئێستادا، هەر پێنج وڵاتی سنوریان بە ئێراقەوەیە زۆر بە پەرۆشەوە لەدوای بەرژەوەندیەکانیان دەگەڕێن. بە پشتگیری کردن لە سوننە وە یان شیئەکانی ئێراق، ئەوان دەیانەوێت کۆنترۆڵی ئاژاوە ناوخۆییەکانیان بکەن و جێ پێی بەرژەوەندیەکانیان لە ناوچەکاندا جێگیرتر بکەن.

"هەربۆیە ئەوان خۆیان بۆ چەند شەڕێکی سنورداری لەیەك چو ئامادە دەکەن، لە ڕێگەی ناردنی چەند ئۆرگانێکی سەربازی دیاریکراو بۆ چەند مەبەستێکی دیاریکراو". ئەنتۆنی هێچ کۆردسمان/سەنتەری لێکۆڵینەوە ستراتیجی و نێونەتەوەییەکان وتی "پێناچێت شەڕی وڵاتە و وڵات بێت".

دەست خستنە ناو شەڕی ئێراق لەلایەن ئەو وڵاتانەوە، بەم شێوەیە پەرەدەستێنێت:

وڵاتانی دراوسێ ئامۆژگاریکار، چەکی سوك و پارە دەنێرن بۆ هاوپەیمانەکانیان پاشان ڕاوێژکارە سەربازیەکانیان و ڕەنگە هێزە خۆبەخشەکانیشی بە دوادا بێت. ئینجا چەکی قورسی بە دوادا دێت. کە ڕەنگە هەریەك لەوانە هەر ئێستا ڕووبدات لە ئێراقدا بە پێی بۆچونی شارەزایان.

شەڕی ڕوبەر فراوانتر دیارە سوپای بەتوانای دەوێت و شیکارەکانیش وای پیشان دەدەن کە هیچ کام لەو پێنج وڵاتە نیانە- کە ڕەنگە یەکێك لە هۆکارەکانی ڕوونەدانی وەها شەڕێکی فراوان بێت بە لایەنی کەمەوە لە داهاتویەکی نزیکدا. { ئەگەر بمانەوێت، ئازایەتی سەربازی، هەڵسەنگێنین ئەوا ئامێر و داهێنانە سەربازیەکان کەم بایەخترین فاکتەر دەبن} بەگوێرەی ستیفن بیدڵ/ ئەنجومەنی پەیوەندییە دەرەکیەکان.

" شارەزاییەکان، تاکتیکەکان، مەشق و بیروباوەڕ لە فاکتەرە هەرە گرنگەکان دەبن کە هەڵسەنگاندنیشیان سەختە- هەروەك کۆمپیوتەر- {سۆفت وەیر گرنگترە لە بەرامبەرەکەی واتە هارد وەیر} میستەر بیدڵ وتی.

هەموان ڕووبەڕووی ئاستەنگی تاکە کەسەکان دەبنەوە. تا چەندی هێزەکانیان دەتوانن بە باشی ڕۆڵ ببینن لە شەڕدا لە کاتێکدا ئەوان کەمێك وە یان هەر هیچ مەشقێکیان نەبینیوە؟

" شارەزایی سوریەکان زۆر ئەوە نییە" ئەو وتی. " ئەردەن لە هەموان باشترە، هەروەك بچوکترینیانە. ئەوان ئامێری سەرنج ڕاکێشیان هەیە و ڕەنگە زۆر بە کاریگەرانەتر بەکاری بهێنن لە چاو زۆربەی هەرە زۆری سوپاکانی ناوچەکە. بەڵام تەنانەت ئەوانیش مەشقەکانیان سنورێکی دیاریکراوی هەیە".

لەوانەیە ئەو وڵاتانە خۆیان تاوبدەن بۆ شەڕێکی فراوانتر لە ڕێگەی سود وەرگرتن لەو پیشەسازیە خێرا تەشەنەسەندوە جیهانیەی کە لە بەکرێ گرتنی بازرگان و کۆنتراکتەرە سەربازیەکاندا دەستەبەر دەبێت.

کرواتیا ئەو شارەزاییانەی بەکاربرد بۆ بردنەوەی شەڕی سەربەخۆبوونی دژ بە سربیا.

ئەگەر ئێراق بەسەر هێڵە نەتەوەییەکانیدا پەرت بێت، تورکیا بە کەمینە کوردییە بێزارەکەیەوە هەر لە ئێستەوە لە ڕیزی پێشەوەدایە بۆ دەست تێوەردان. بە درێژایی ساڵانی 90 ئەو دوو دڵ نەبو لە لێدانی بارەگای یاخیبوەکان لە باکوری ئێراق.

" ئەوان لەوە دەترسێن کە ناسیونالیزمی کوردی ببێتە هۆی لێك ترازانی وڵاتەکەیان" ستیڤن ئەی کووك وتی کە هەر سەر بە هەمان ئەنجومەنە " وەك ئەوە وایە مەکسیکیەکان سەر لەنوێ داوای تێکساس وە یان کالیفۆرنیا بکەنەوە".

ئەمڕۆکە ئەو پێنج وڵاتە پاڵنەر و توانایەکی کەمیان هەیە بۆ چونە ناو شەڕێکی بەرفراوان. ئەوەی کە زۆر ڕەنگە ڕووبدات، میستەر بیدڵ ووتی، قەیرانێکی لەناوبەرە لە نێوان دژەکانی ئێراقدا کە لە لایەن ئەو وڵاتانەوە پشتگیری لێ بکرێت. کە دەرئەنجام شەڕ هەموان شەکەت بکات و بە ڕێکەوتن کۆتایی بێت. " تەنها ڕێگەیەك بۆ لەناوبردنی دوژمن ئەوەیە کە شەکەتیان بکەیت".

بەڵام ئەگەر لایەك لە هاوپەیمانانی شەڕی تاڵی نێوان هەردوو لایەنی سوننە- شیئە بە تەواوی تێك شکا. ئەوا سیناریۆی هەرە خراپی شەڕ دەبێتە ئەگەری زۆر دیار وەك میستەر بیدڵ دەڵێت.

بۆ نمونە ئەگەر زۆرینەی شیئە بە پاڵپشتی ئێران حکومەتێکی سەرکوتکەری سەر بەشیئەیان دامەزراند، دەشێت هەزارەها وە یان ملیۆنەها پەنابەری سوننە وەك دەرئەنجامێك دەرپەڕێنە دەرەوەی وڵاتەکە.

"ئەو پەنابەرانە دەبنە سەرچاوەیەکی گەورەی نائارامی لە ڕێگەی ئەو هەموو بارگرژیە تایەفیانەی کە بە هەموو ناوچەکەدا تەشەنە دەکات" ئەو وتی. " هزرکە لەپاش شەش وە یان هەشت ساڵی تر- حکومەتە سونییەکان دەکەونە ژێر فشارێکی گرانی هەڵوێست وەرگرتنەوە. ئەوکات زۆر ئاسایی دەبێت کە شەڕی ناوخۆ پەل بهاوێژێتە ناو دەوڵەتانی دراوسێ. دیمەنی ناوچەکە زۆر جیاواز دەبێت لە پاش چەند ساڵێك لە شەڕی ناوخۆ".